www.kurdistannet.org
20-6-2003 20:28

# سیاسەتی بۆژانەوە ( ئەسیمیلە) ونەتەوەپەرستی لای پ. کۆمۆنیستیەکان

هشام ئاکرەیی

بۆژانەوەی گەلانی تر و نەتەوەپەرستی، دوو خەسلەتن بەبەردەوامی پارتە کۆمۆنیستەکان و هەندێ لایەنی تری هەڵگری ئایدیولۆجیای گشتی و شمولی تەنیا بە بیری ناسیونالیستی یەوە دەلکێننەوە، بە مەبەستی ڕسواکردنی بیری نەتەوەیی و دوورخستنەوەی گەلانی ژێردەستە لە ڕزگاربوون ودروستکردنی وڵاتی نەتەوەیی خۆیان لە سەر ئەو بنەمایانەی کە باوەڕیان پێیەتی. هەر پارتێك یان کۆمەڵە پارتێك سەرکێشی ئەو بزوتنەوەیە بکات چەپ بێت یان نەتەوەیی بێت بە ناسیونالیست لە قەڵەم دەدەن. لە گەڵ ئەوەی ڕزگاربوونی نەتەوەیی لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێشانی کوردستاندایە و مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندوە، گەلان ناتوانن باز بدەن بەسەر ئەوە قۆناغەدا.

دەستەواژەی ئەسیمیلە (١) و بۆژانەوە، دەوترێت بە پرۆسەی لەناوبردن و شێواندنی کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەلێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك کە جیاوازی لە گەڵ زۆرینە هەیە و لە جیاتی کولتوورێکی نامۆ یان هی زۆرینە دابنرێت. بۆژانەوە پەیوەندی بە دروستکردنی گۆڕانکاری لە هەڵسووکەوتی نەتەوەدا هەیە وەك زمان و ئاین و کولتوور. ئەم کارە وەك ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی سیاسەتێکی بەرپاکراوی تاك یان بریاری سیاسی وڵات وپارتەوە جێبەجێ دەکرێت، بە مەبەستی دروستکردنی گۆڕانکاری لە ناو نەتەوەیەکی تردا. تا چ ڕادەیەك گەلێك دوچاری ئەسیمیلە دەبێت پەیوەندی بە ڕێژەی جیاوازی لە نێوان نەتەوەکانی یەك وڵاتدا هەیە. ئەم جیاوازیانە نەك تەنیا جیاوازی کولتوورین بەڵکوو پەیوەندی بە جیاوازی ئامانج و ئاواتەکانی ئەو گەلانەشەوە هەیە. کاتێ نەتەوەیەك نەتوانێ بە بەکارهێنانی زەبرووزەنگ و شەر و هێز گەلێك لەناو ببات پەنا بۆ ئەسیمیلەسیون و بۆژانەوەی ئەو گەلە دەبات. پارتە ناسیونالیستەکانی عەرەب و فارس و تورك شێوەی ڕاستەوخووی بۆژانەوە بەکاردێنن کە ڕاگواستن و تەعریت و لەناوبردنە. بەڵام پارتە کۆمۆنیستیەکان و ئیسلامیەکان شێوەی بۆژانەوە و ئەسیمیلە بەکاردێنن بۆ نەهێلانی گەلی کوردستان و هەوڵ دەدەن هەموو گەلانی عێراق ببن بە عەرەب و بەم شێوەیە ئینتەرناسیونالیزم بەرپابکەن. بۆ نموونە لە باشترین حاڵەتدا بۆ کۆمۆنیستەکان جیاوازی نیە شاری کەرکوك لە ناو سنووری کوردستاندا بێت یان هی عێراق. وەك بڵێی ئەوانەی لەو شارە دەردەکرێن و دەکوژرێن کرێکار و جوتیار و موسڵمان نین. بەڵام چونکە ئەوانەی لە کەرکوك دەچەوسێنرێنەوە کوردن تەنیا دڵی نیشتیمانپەروەری کورد پێیان ئەسووتێ. <u>کۆمۆنیست و ئیسلامیەکانی کوردیش لە سەنگەری ناسیوناليستە توندڕێیەکانی عەرەبدان و بە ئاگری کۆمۆنیزم و ئیسلام ئەسیمیلەکراون و بۆژاونەتەوە لە ناو تەنوور و کۆتکی ناسیونالیستە عەرەبەکاندا.</u>

ئەگەر واتای کۆمۆنیزم کۆمەڵگایەکی خاوەن مولکیەتی کۆ بێت، یان کۆمەڵگایەك کە دەزگاکانی بەرهەمهێنان لە دەستی کۆی ئەندامانی کۆمەڵگادا بن و داهات بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت وبەو واتایە بەکارهێنرابێت. واتە کۆمۆنیزم زیاتر پەیوەندی بە ئابووری و دابەشکردنی بەرهەمەوە هەیە، بەڵام کۆمۆنیزم لای پارتە کۆمۆنیستەکان ئەوەندە پەیوەندی بە سیستمی ئابووریەوە نیە ئەوەندەی وەك بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە لە نێوان ڕۆشەنبیران و وەك هزروبیر بەکار دێت لە پێناو گۆڕینی بۆچوونەکان و لە حاڵەتی کوردستاندا گۆڕینی بیری نەتەوەیی کوردستانی یە.

لای مارکس کۆمۆنیستەکان نابێ ماف بدەنە چینی دەسەڵاتداری لابراو لە لایەن کرێکارانەوە، بەشداربێ لە دەسەڵاتی نوێدا و لای لینین دکتاتوریەتی پارتی کۆمۆنیست بەکاردێت و یاخی بوون لە چین دەرکەوت و پارت لە جێگای چینی کرێکار دانرا. واتە دکتاتوریەتی پرولیتاریا و پارتی کۆمۆنیست دەرکەوت. لای پارتە کۆمۆنیستەکانی هەرێمەکەمان کۆمۆنیزم نەك تەنیا دکتاتورین بەلکو نزیك دەبنەوە لە ڕاسیزم و بیری نەنەوەیی توندڕێ. کۆمۆنیزمی ئەو پارتانە یەکدەگرتەوە لە گەڵ ڕاسیزم لە دژایەتیکردنیان بۆ دیموکراسی و پەرلەمەنتاریزم و لیبرالیزم و بەرزنرخاندنی ڕۆڵی ڕابەر (٢) . بۆ نموونە مەنسوور حیکمەت دەبێ تەقدیس بکرێ و پەیڤەکانی بە قەڵەمی زێڕین بنووسرێن. ئەگەر لای پارتێکی چەپ و نەتەوەیی کوردستانی، وڵات و گەل و چینەکانی زەحمەتکێش و نیشتیملنپەروەر پیرۆز بن، ئەوە لای ئە پارتە کۆمۆنیستە ڕابەر پیرۆزترە لە هەر شتێکی تر بە کۆمۆنیزمیەشەوە. چۆن سەددام کەسانێکی پیرۆز بۆ لای پارتەکەی و ناسیونالیستە عەرەبەکان بە کۆمۆنیست و ئیسلامەکانەوە، بەهەمان شێوە مەنسوور حیکمەتیش وەك ڕابەر ماوە. ئەو مەنسوور حیکمەتەی کە ڕازی نەدەبوو لە ناو هیچ پارتێکدا بێت ئەگەر ڕۆڵی ڕابەر پێ نەدرابایە. مەنسوور حیکمەت دەبا کەسی یەکەم با لە ناو هەر پارتێکدا و ئەگەر نەهەڵبژێردرابا وەك سەرکردە و ڕابەر، بە بیانووی لادانی ئەو پارتە لە کۆمۆنیزم وتەحریف بوونی پارتەکە، جیادەبووەوە لە پارتەکەو پارتێکی نوێی دروست دەکرد.

ناسیزم و ڕاسیزم ونەتەوە پەرستەکان لاسایی ئەو جۆرە پارتە کۆمۆنیستانە دەکەن لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. چونکە لە ڕۆی مێژوویشەوە بەر ئەوەی ڕاسیزم ببێ بە سیستەمێکی بەڕێوەبردن لە وڵاتێکدا، پارتە کۆمۆنیستەکان ئەو شێوەیان بەکاریان هێناوە. بۆ نموونە لە ڕۆسیا لەدوای ڕۆخاندنی قەیسەر ١٩١٧ یەکێتی سۆڤیەتیلن دروستکرد لە سەر ئەو هەرێمانەی ژێر دەسەڵاتی قەیسەر و ڕازی نەبوون لە سەر هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ. چونکە پارتی کۆمۆنیستیش بەهەمان ڕادەی قەیسەر ناسیونالیست بۆ و دەبوایە نەتەوەی ڕۆسی دەسەڵاتدار بمایە واتە زاڵ بوونی نەتەوەی ڕۆس، ئەمەش ڕاسیزمە. لە عێراق و ئێران و تورکیاش هەمان ستراتیجیان هەیە و ڕفراندوومەکەیان فێڵە نەك مەبەست.

بیانووی ئینتەرناسیونال و کۆمۆنیست وئیسلام بوون باشترین بیانوویە بۆ نەتەوەیەك، زاڵ بێ لە سەر نەتەوەیەکی تر بە ئارەزووی نەتەوەکە. ئەم تاکتیکە پارتی کۆمۆنیستی ڕۆسیا و ناسیونالیستەتوندڕێیەکانیان لە کۆمارەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ڕۆسیایان بەکار هێنا و بۆ ماوەیەك سەرکەوتن. هەمان شێوە میراتگرانی پارتی کۆمۆنیست و ئیسلامیەکان دەیانەوێ لە کوردستانیش بەکاربێنن و بەم سیاسەتە نەتەوەی عەرەب فەرز بکەن بە سەر کورد دا. ئەم سیاسەتە بەڕاشکاوی لە هەڵسووکەوتی پارتە کۆمۆنیستەکان و ئیسلامیەکاندا دەبینرێت. کاتێ دەڵێن نەتەوە گرنگ نیە، زمان گرنگ نیە، دابوونەریت گرنگ نین، وڵات گرنگ نیە، کورد بوون گرنك نیە و خاك گرنگ نیە. لە کاتێکدا بەشێکی هەرە گەورەی چەوساندنەوەی تاك و گەل لە کوردستاندا لە داگیرکردنەوە سەرچاوە دەگرێت. لە لای تریشەوە ئەو پارتانە خەبات بۆ ئازادی کوردستان و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان ناکەن.

ئەم پارتانە نەك پارتی کۆمۆنیستی سوورئاڵان بەڵکوو پارتی نەتەوەپەرست و ڕاسیزمی سوورن وڕێگرن لە بەردەم گەشەکردن و ئازادی گەلاندا وبەستنەوەی ڕزگاری چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی کوردستان بە چینی نەتەوەیەکی ترەوە و سووربوونیان لە سەر زاڵبوونی کولتووری ئەوان وبە ناسیونالیزم لە قەڵەم دان ودژایەتیکردنی هەموو شتێکی کوردی باشترین بەڵگەی ئەو ڕاسیزمە و هەوڵی بۆژاندنەوەی گەلی کوردن. ئینتەرناسیونالیزم و نەمانی گەلان لە دواى ڕزگاری هەموو گەلانی دونیادا لەوانەیە پەسەند بکرێت نەك بەر لەوە. تاوەکوو گەلانی تری دەورووبەری کوردستان سوورن لە سەر سنوورەکانی دروستکراو و نانەتەوەیی خۆیان، بۆ کورد هەیەو ڕەوایە داوای سنووری نەتەوەیی خۆی بکات.

(1) Gordon، M. / Assimilation in American life، oxford university press.
(2) Richard Pipes/ Communism، fascism، national socialism